Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10427

# کاریگەری ستراتیجی وودز بە تەکنیکی ( PhET ) لە وتنەوەی بابەتی ( Optics ) لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی فیزیا / کۆلێجی پەروەردە

بروسکە برزان فائق ، علی عبدالرحمن جمعة ، ئاری کریم أحمد

بەشی فیزیا، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted Auguste, 2022

***Keywords***

ستراتیجی وودز , فیزیایی بینایی , تەکنیکی فێت

***Corresponding Author***

bruska.faiq@univsul.edu.iq

**پوختە**

**ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ستراتیژی وودزە بە تەکنیکی (PhET) لە وتنەوەی بابەتی (Optics)لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی فیزیا . کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغی دووەم پێکهاتبوون ، چونکە ئەم بابەتە تەنها لەم قۆناغەدا دەوترێتەوە کە ژمارەیان (36 ) خوێندکاری کچ و کوڕ بوون ، وە لەبەر کەمی ژمارەیان هەموویان وەك نمونەی توێژینەوەکە وەرگیران ، پاشان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکران بۆ دوو گروپ کە هەر گروپێك (18) خوێندکاری کوڕ و کچ لە خۆ دەگرێت پاشان هاوتای کران لە گۆڕاوەکانی (زیرەکی – تەمەن – ئاستی ئەکادیمی دایك و باوك ) گروپی (أ) بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێران بۆ ئەزموونی و وانە وتنەوەیان بە ستراتیژی وودز بە تەکنیکی ( PhET) و گروپی (ب) کۆنترۆڵکراوەکە وانەوتنەوەکە بە ڕێگای سادە دەبێت توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە (20) بڕگە لە جۆری تاقیکردنەوەی بابەتی کە هەموویان لە جۆری (تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی چەند وانەیەك ) ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی دەرهێنا بە بەکارهێنان و دروست کردنی خشتەی تایبەتمەندی و هەڵبژاردنی نمونەیەك لە ئامانجی ڕەفتاری و پێکهاتبوون لە (70) ئامانجی ڕەفتاری کە بە پێی ئاستەکانی بلۆم ڕێزکراون کە بریتین لە (6) ئاست ، بۆ نوێنەرایەتی کردنی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ، هەروەها ڕاستی ڕواڵەتی دەرهێنرا لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕاو بووچونی شارەزایان. ئامرازی ئاماری دووەم (SPSS) و (مان – وتنی ) و هاوکۆڵکەی پەیوەندی (پێرسون ) و هاوکێشە بۆ دۆزینەوەی هاوکۆڵکەی گرانی و هێزی جیاکاری و کارایی جێگرەوە هەڵەکان بەکارهات .لە ئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دەستکەوت لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی کە وانەکەیان بە بەکارهێنانی ستراتیژی وودز بە تەکنیکی (PhET) ئەمەش کارایی ستراتیژی بەم تەکنیکە دەنوێنێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمی دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتی (Optics ) لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە توێژەر ئاماژەی بە کۆمەڵێك دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازکردووە .**

## بەشی یەکەم

### کێشەی توێژینەوە

دەســـتکەوتی خوێندن لە بابەتی فیزیا تایبەت لە ئاســـتی زانکۆ وەکو بابەتەکانی دیکە و لە ئاســـتە جیاجیاکانی خوێندن لە وڵاتانی جیهانی و لە عێراق و کوردستانیش دابەزینی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، بەهۆی ئەو هۆکارانە کە هەندێکی هاوبەشـــە لە نێوان خوێندکاران و هەندێکی تایبەتە بە ســـروشـــتی بابەتی خوێندنەوەکەیەو کێشـــە و ئاســـتەنگیەکانی وتنەوەی بابەتی فیزیایی بینایی(optics) کە بەشێکە لە فیزیایی گشتی مامەڵە لەگەڵ ڕووناکی و تایبەتمەندییەکانیان و پراکتیکەکانی دەکات ، بەهۆی ئەبســـتراکتی بیرۆکەکان و نەبونی ئامراز و ئامێری پێشـــکەوتوو کە میکانیزمی ڕوودانی دیاردەکانی بخاتە ڕوو بە مەبەستی تێگەیشتنی خوێندکاران لە چۆنیەتی ڕوودانی هەنگاو بە هەنگاو بیرکردنەوە و تێڕامان لە چـــۆنیەتی و هۆیەکانی هەریەکە لەو هەنگاوانە تایبەت لە دیاردە ئاڵۆزەکان.

لە میانەی ئیشکردنی توێژەر لە تاقیگەی فیزیایی کۆلێژی پەروەردە و وتنەوەی وانەی گفتوگۆی تیۆری بابەتەکانی فیزیا و خوێندنەوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە تایبەتە بە ئاستەنگیەکانی وتنەوەی بابەتی فیزیا بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی ، هەروەها توێژەر بە وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هەندێ لە شارەزایانی وتنەوەی ئەم بابەتە لە ئاستی زانکۆ دەرکەوت کە خوێندکاران تێنەگەیشتنیان هەیە بۆ بابەتەکە و بەهۆی نەبینراوی چۆنیەتی ڕوودانی دیاردەکانی و نەبونی ئامێر و ئامرازی پێویست بۆ ئەنجامدانی هەندێ کردارە پراکتیکیەکانی و هەروەها ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێن وردنابێتەوە لە چۆنیەتی ڕوودانی دیاردە نەبینراوەکانی لەلایەکی ترەوە ڕێگا سادەکان (تەقلیدییەکان) کە بە کەمی جەخت لەسەر بەشداری کردنی خوێندکاران لە گفتوگۆ و تاوتوێ کردنی و میکانیزمی ئەنجامەکان دەدات و تەنها مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت

لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن ، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی دەستکەوتی خوێندکاران لە بابەتەکە. هەروەها لەپاڵ وانە تیۆرییەکاندا لایەنی پراکتیکی دەخوێنرێت و لە زۆربەی تاقیگەکاندا بە هۆی کەمی ئامێر و نەبونی پێداویستی پەنا دەبرێت بۆ کارکردن بەشێوەی گروپ کە لە زۆرجاردا یەك خوێندکار ئەرکەکە ئەنجام دەدات و ئەوانی تر تەنها سەرنج دەدەن و بوار نادرێت بە هەر خوێندکارێك بۆ دووبارە کردنەوەی ئەزموونەکە یان. بیرکردنەوە لە هەنگاوەکانی ئەنجامدانی ڕوودانی هەر هەنگاوێك و ڕاڤە و لێکدانەوەی ، بەمەش خوێندکار بە ئازادی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ چالاکییەکان. ئەنجام. نادات و ئەو بیرۆکانەی کە بیری لێ دەکاتەوە تاقی ناکاتەوە.

لە ئەوەشی گرنگتر ئەو شێوازە باوەی کە لە زۆربەی تاقیگەکانی بابەتە زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێت شێوازی جەخت کردنەوەیە (الگریقە التوکیدیە) نەك دۆزینەوە (Discovery) ی ئەنجامەکان و چۆنێتی ڕوودانی هەرچەندە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە ستراتیژ و مۆدێل هاتۆتە کایەوە کە جەخت لەسەر ڕۆڵی خوێندکار دەکات لە فێربووندا و دەبێت چالاك بێت لە هەڵوێستەکانی فێرکردن و فێربووندا و بەخۆی کارەکان ئەنجام. بدات و بگات بە ئەنجام و ڕاڤە و لێکدانەوەی بکات . یەکێ لەو ستراتیژیانەی کە زۆر پێویستە بەکاربهێنرێت لەو بابەتانەی کە خوێندکار کاراو چالاك بێت لە فێربووندا ستراتیژی وودزە.

ئەم ستراتیژیە خۆی دەبینێتەوە لە سێ کارامەی سەرەکی بریتیەلە : (پێشبینی کردن ،تێبینی کردن ،ڕاڤە و لێکدانەوە) هەروەها لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایەی تاقیگەی خەیاڵی (virtual lab) (المختبر الٳفتراچی) هاتۆتە کایەوە کە ڕۆلی گرنگی هەیە لەقەرەبوکردنەوەی ئەو کەم وکورتیانەی لە تاقیگەکاندا بەدی دەکرێت لە بابەتە زانستیەکاندا وەك(کیمیا – فیزیا – بایلۆجی ....) وە بەدیهێنانی تەکنیکی تایبەت بۆ هەر پسپۆریەك ،بۆنمونە لە بابەتی فیزیای تەکنیکی (PhET) ە کە تایبەتە بە ئەنجامدانی ئەزمونەکانی بابەتی فیزیا بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی و هاوشێوەی ئەوەی لە واقعدا ئەنجامدەدرێت بوار دەدات بە خۆێندکار کە خودی خۆی کە ئەزمونەکان ئەنجام بدات. بەشێوەی ئەلیکترۆنی ودووبارەی بکاتەوە بێ ترس و دڵە ڕاوکێ و بێ زەرەرمەندی مادی و زیاتر لە ئەوەش گۆڕینی فاکتەرەکان و تاقیکردنەوەی کاریگەریان و بینینی ئەو نەبینراوە لە واقعیدا و تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ڕوودانی هەر گۆڕانکاریەك ڕاڤەو لێکدانەوەی بە شێوەی زانستیانە و فراوانکردنی بیرکردنەوەیان و بەڵکو داهێنان بکات ،سەرەرای حەزوو ئارەزوویان بەروو بابەتەکە. لە دەرئەنجامی توێژەر بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە و گۆڕینی شێوازی وتنەوەی ئەم بابەتە پێشنیازی ئەم کەوتنەوەی ئەم بابەتە بەستراتیژی ورد بێت و بەبکارهێنانی تەکنیکی (PhET) لەگەڵیاندا و ئاراستەی ئەم پرسیارە لە توێژینەوەکەیدا ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی ورد ببە تەکنیکی (PhET) لە وتنەوەی بابەتی (optics) کاریگەری دەبێت لەسەر دەسکەوتنی خوێدکارانی کۆلێژی پەروەردە لەبەشی فیزیا؟

## گرنگی تۆێژینەوە

ئەم سەردەمەی کە تێیدا دەژین سەردەمی گۆرانکاری خێرایە لەڕووی زانست و تەکنەلۆژیاوە کەوا دەکات ڕۆژ بەڕۆژ بەدوای زانست و زانیاری بگەرێین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەروی دەبێتەوە بەگشتی و لە پرۆسەی فێرکردن فێربون. بەتایبەتی لە ئاستە جیا جیاکاندا زانکۆ وەکو ناوەندێکی زانستی پێگەیشتوو کە ئەرکی ئامادەکردنی تاکە بۆ پیشەیەکی تایبەت و ژیان و کارایان بۆ ئەنجامدانی گۆرانکاری لە کۆمەڵگا و بەشداری

کردن لە گەشەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە دەبێت گرنگی بە وانەکانی هەر بابەتێکی خۆێندن و لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رووبەروی بابەتە زانستیەکان بە گشتی و زانستی فیزیا بە تایبەتی دەبێتەوە .

لەڕووی پەرەپێدانی تاقیگە کان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بە مەبەستی گەشەی توانایی خۆێندکاران لە لایەنی پراکتیکی و کارامیە ژیری و جەستەیەکان ، بەشێوەیەك کە بتوانن بەرەنگاری ئەو گۆڕانکاریانەبێتەوە کە بەهۆی زانستی و تەکنەلۆژیاوە هاتۆتە کایەوە لەم سەردەمدا لەلایەکەوە و بتوانن کارا و ئاکتیڤ بن بۆ گەشەی کۆمەڵگا و گۆڕینی بەرەو ئایندەیەکی باش لەلایەکی ترەوە.

گرنگی دان بە فێربوونی زانستی لە ژێر ڕۆشنایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و مەعریفی دا بووەتە پێویستیەکی گرنگی ڕۆژانە ، کە لەڕێگەیەوە کۆمەڵگە گەشەی سەندووە ئەمەش لە ئەنجامی حەزکردنیان بۆ فێربوونی زانستی و وەرگێڕانیان بۆ واقیعێکی بەرجە ستە بە ئامراز و شێوازێك کە ڕەنگدانەوەی سروشتی ئەم مادانە بێت و یارمەتی دەربێت بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەك کە پڕ چەك بن بە زانست و زانیاری و لێهاتووی ( أمبو سعیدی و البلوشی ، 2009 )

سەردەمی ئێستا پێویستی بە ڕێگا و ستراتیژی زیاترە بۆ دەوڵەمەندکردنی زانستی و پەرەپێدانی توانای دەروونی و بۆچون و مەیلی خوێندکاران و پشت بەستن بە خۆیان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداری کردنیان لە دۆزینەوە و گفتوگۆکردن و هاندانیان بۆ پرسیارکردن و دەربڕینی بیرۆکە نوێیەکانیان (عزیز، 2018 : 337 ) .

زادستی فیزیا یەکێکە لەو زادستە سروشتیانەی کە پێویستی بە لایەنی تیۆری و پراکتیکی هەیە بۆ تێگەشتن لە دیاردەکانی ،بۆیە لایەنی تیۆرییەکەی پێویستی بە ڕێگا و شێواز و ستراتیژی نوێ هەیە بۆ لێکدانەوەی هەر ڕووداوێکی بابەتی فیزیا بە گشتی ، سروشتی فیزیا لای خوێندکاران وایە کە گرانی و ئاستەنگی هەیە لە تێگەشتنیان بۆ بابەتەکە بە هۆی بەکارهێنانی شێوازی ئاسایی (تقلیدی ) لە لایەنی مامۆستاوە ،ئەمەش وا لە خوێندکاران دەکات تەنها ماددەکە لەبەر بکات بە بێ تێگەشتن . بەهەمان شێوە تاقیگە و پراکتیکی دانراوە بۆ پاڵپشتی زیاتر تێگە شتن لە بابەتەکانی فیزیا بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستە بەرکردنی تاقیگە و ئامێرە کان لاوازیەکی بەرچاو دەبینرێت بە هۆی زۆری تێچوونیەوە . یان لە کارکەوتنی ئامێرەکان و چاك نەکردنەوەیان بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پەرە بدرێ بە تاقیگەی خەیاڵی وەك جێگرەوەیەك بۆ تاقیگەکان.

بابەتی ( optics) ( فیزیایی بینایی ) لقێکە لە زانستی فیزیا کە ڕووناکی و ڕووداوە کانی و کارلێکی ڕووناکی لەگەڵ ماددەدا دەکۆڵێتەوە وەك (ڕووناکی دانەوە ،شکانەوەی ڕووناکی ، دیاردەی ڕەنگ و بینین ، ئاوێنە ، هاوێنە ، .... ) وەك زۆربەی بابەتەکانی دیکەیی فیزیا تایبەتمەندی ئەوەیە کە زۆربەی ناوەڕۆك بابەتەکانی ئەبستراکتی تێدایە و میکانیزمی ڕوودانی نابینرێت تەنانەت بەو ئامێرانەی کە لە تاقیگەکاندا بەکاردەهێنرێت ( pedrotti,2006:18).

بۆ فێربوونی بیرۆکە و بابەتەکانی زۆربەی دیاردەکانی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە تاقیگەکاندا دەبێت جەخت بکرێت لەسەر میکانیزمی ڕوودانی دیاردەکان بە شێوەیەکی زانسی بە بەکارهیچنانی جۆرە تەکنیکێك کە نواندنی ئەو گۆڕانکاریانە بکات کە لەو میکانیزمە ڕوودەدات و نزیککردنەوەی لەو وێناکارییەی کە لای خوێندکاران دروست دەبێت بۆ تێگەشتن ئەم جۆرە بابەتانە و بەرزکردنەوەی توانای خوێندکار بۆ دروستکردنی وێناکارییەکی نوێ و ببێتە بناغە بۆ گە شەی توانا و بیرکردنەوەی لە هەڵوێستە هاوشێوەکان و بە هەمان شێوە بۆ بابەتەکانی دیکە .

واقیعی تاقیگەکانی فیزیا لە کۆلێژەکان لە هەرێمی کوردستان لە زۆرجاردا لە ئاستی پێویستیدا نییە و زۆر لاوازن بە بەراورد بەو هێرشە زادستی و تەکنەلۆژیایەی کە جیهانی گرتۆتەوە ، زۆر جار دەبینرێت لە کاتی بوونی تاقیگەشدا پێداویستیەکان لەو ئاستە نین کە خوێندکاران بە ئازادی بە شێوەی تاك بەکاری بهێنێت و کاتێك بەکاریدەهێنێت بە شێوازی گروپ بە هۆی نەبوون یان کەمی پێداویستیەکان مەترسی لە کارکەوتنی تێدا بەدی دەکرێت ، وەکو لە زۆربەی ولآتاندا تاقیگەیی گریمانەیی ( المختبر الافتراچی ) بەکاردێت وەك پاڵپشتیەك لە وانە وتنەوەی تیۆری و پراکتیکی بۆ گەشتن بە ئامانجەکانی فێربوون.

چەندین تایبەتمەندی تاقیگەی خەیاڵی ( گریمانە ) ی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن .

1- توانای بە یەك بەستنەوەی زانیاری و تیۆری ئەبستراکت و جێ بە جێ کردنی بە شێوەیەکی بەرجەستە .

2- بەرجەستەکردنی چەمکەکان ، وەك بینینی سێ ڕەهەندی و ئاستەکانی لە گەردوون کە ڕەنگ ، ئەنیمەشن و هاوشێوەکردن و کاریگەری دەنگی لە خۆ دەگرێت .

3- ژینگەیەکی ئارام و چێژبەخش لە کاتی پرۆسەی فێربوونی خوێندکاران دەستەبەر دەکات .

4- کەمکردنەوەی کاتی پێویست بۆ بەدەستهێنانی زانیاری داواکراو بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بە بەراورد بە ڕێگا تەقلیدی کە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت . ( الراجي ، 2008 ، 15 )

تێبینی دەکرێت کە تاقیگە گریمانەکان ( خەیاڵیەکان ) گرنگیەکی زۆری هەبێت لە ژیانی پراکتیکی دا بە گشتی و وە بۆ فێرکردنی زانستی بە تایبەتی ، وەك یەکێك لە داهێنانەکانی تەکنەلۆژیایی پەروەردەیی ( الشهري ، 2009 ) .

1- ئەزموونی کارامەیی پێشکەشی دەکات کە زۆر نزیکە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ هەروەها بە نەبوونی مەترسی لە تاقیگەی ڕاستەوخۆ جیادەکرێتەوە .

2- بەشداری کردن لە تێپەڕاندنی ئەو بەربەستانەی کە ڕێگری لە پراکتیزەکردنی ئەزموونە واقیعیەکان دەکەن ، وەك نەبوونی ئامێر و کات و شوێن و وردبینی .

3- یەکێك لە تەکنیکە مۆدێرنەکان کە دەتوانێت ئەنجامێکی باش بدات لە کاتی جێ بەجێ کردنی تاقیکردنەوە تاقیگەیەکان و پەرەپێدانی توانا تاقیگەیەکانی خوێندکار

4- بەشداریکردن لە تێپەڕاندنی هەندێك لەو کێشە و ئاستەنگیانەی کە مامۆستا و خوێندکاران لەوانەوتنەوە دا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پراکتیکیەکاندا .

گرنگی توێژینەوە کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

1- ئەم توێژینەوەیە هاوتایە لەگەڵ ئاراستە نوێیەکان بۆ هەڵبژاردنی نمونە و ستراتیژی گونجاو لە وانەوتنەوە دا کە ڕەنگە بەشداربێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری خوێندکاران .

2- گرنگی ستراتیژی وودز کە مۆدێلێکە کە خوێندکار دەکاتە بنچینەی سەرەکی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن .

3- وەکو ستراتیژی نوێ لە کارکردنی تاقیگە و گۆڕینی شێوازی ئەنجامدانی کردارە پراکتیکیەکان بۆ شێوەی دۆزینەوەی ( Discovery) .

4- مامۆستایانی زانکۆ سوود لە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییە وەردەگرن لە لایەنی پراکتیکی بە شێوەی ( پێشبینی کردن ، تێبینی کردن ، لێکدانەوە ).

5- وەکو شێوازێکی نوێ یە لە ئاوێتە کردنی ستراتیژی وودز و تەکنیکی (PhET) لە وانە وتنەوە دا .

6- ئەم جۆرە توێژینەوەیە ئەنجام نەدراوە بۆ بابەتی فیزیا لە کوردستان بە پێی زانیارییەکانی توێژەر .

7- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانە و سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوەی دیکە لە بابەت یان گۆڕاوی دیکەدا .

**ئامانجی توێژینەوە :**

زانینی (کاریگەری ستراتیژی وودز بە تەکنیکی (PhET) لە وتنەوەی بابەتی ( Optics) لە سەر دە ستکەوتی خوێندکارانی قۆناغی دووەم / بەشی فیزیا / کۆلێژی پەروەردە ).

گریمانەی توێژینەوە کە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر ئەم گریمانەی داڕشتووە :

(( جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی نمرەی دەستکەوتی گرووپی ئەزموونی کە بابەتی ( Optics) ی بە ستراتیژی وودز بە تەکنیکی (PhET) دەخوێنن و ناوەندی نمرەی دەستکەوتی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە بابەتی (Optics) بە ڕێگای سادە دەخوێنن)) .

**سنووری توێژینەوە :**

سنوری توێژینەوەکە پێکدێت لە :

1- بابەتی ( Optics) کە ئەم بەشانە دەگرێتەوە ( ڕووناکی دانەوە ، ئاوێنە ، هاوێنە ، ڕووناکی شکانەوە ، ڕەنگ ، بەیەکداچوونی شەپۆل ، لادانی شەپۆل ) لە بابەتی مەنهەجی مامۆستای بابەتەکەوە وەرگیراوە .

2- قۆناغی دووەم لە بەشی فیزیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی .

3- سمستەری یەکەم ساڵی (2021 – 2022)ز

پێناسه و دیاری کردنی زاراوەکان :

1- Strategy( ستراتیژ) :

( زیتون ، 2001 ) ستراتیژ وا پێناسە دەکات (( بریتیە لە پلانێك لە کاروبارێکی ڕێکخراو کە مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران پێی هەڵدەستن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کۆمەڵێ ئامانجی شێوازی وانەوتنەوە کە تێیدا کۆمەڵێك ڕۆڵی دیاری کراوە بۆ مامۆستا و فێرخواز و دووبارە ڕێکخستنەوەی ژینگەی فیزیکی پۆل کە چەند ئامانجێکی جۆراوجۆر بە دیدەهێنێت.( زیتون ، 2001 : 48 ).

(أبراهيم ، 2004 ) بەم جۆرە پێناسەی دەکات وشەیەکە ئاماژە بە جۆرێك لە کردار و هەڵسوکەوت دەکات کە بە کاردێت بۆ ئەنجام گەیاندنی دەرئەنجامێکی دیاریکراو . ( أبراهيم ، 2004 : 216 )

پێناسەی ڕێکاری : ڕێکار و ڕێگا و ئامرازە کە مامۆستا بەکاردێنێت بە پێی ئەو پلانەی داڕشتووە بۆ گەیشتن بە ئامانج .لە وتنەوەی بابەتی ( Optics) بۆ قۆناغی دووەمی فیزیا .

2- ( woods strategy) (ستراتیژی وودز ) (woods,1994) پێناسەی دەکات بەوەی (( ستراتیژییەکی وانە وتنەوەیە پێك دێت لە سێ قۆناغی یەك لە دوای یەك ئەوانیش ( پێشبینی کردن ، تێبینی کردن ، لێکدانەوە ) لە لایەن خوێندکارەوە جێ بە جێ دەکرێت بە شێوەی گروپی بچووك بە ڕێنوێنی مامۆستا . (Woods , 1994 : 34) .

(العنزي ،2016 ) بەوە پێناسەی دەکات : ( نمونەیەکە سەر تیۆری بونیادگەرایی کە تێیدا مامۆستا دۆخێکی فێربوون دروست دەکات بە پێی پلانی وانەکە وە ڕێکخستنی بە سێ کرداری عەقڵی یەك لە دوای یەك ئەوانیش ( پێشبینی کردن ، تێبینی کردن ، لێکدانەوە ) کە خوێندکار پێکەوە جێ بە جێی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو ( العنزي ، 2016 ، 123 ) .

پێناسەی ڕێکاری : ستراتیژیەکی وانەوتنەوەیە کە سێ کردەوەی عەقڵی یەك لە دوای یەك لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە ( پێشبینی کردن ، تێبینیکردن ، لێکدانەوە ) لە وتنەوەی بابەتی ( Optics) لە قۆناغی دووەمی فیزیایی کۆلێژی پەروەردە مامۆستا پەیڕەوی دەکات خوێندکاران جێ بە جێی دەکەن لە ژێر چاودێری مامۆستا بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراوی بابەتەکە.

3- تەکنیکی ( PhET)

(الموسى ، 2001 ) : بریتیە لە پرۆسەی نوێنەرایەتی کردنی مۆدێلێکردن یان دروستکردنی کۆمەڵێك بارودۆخ و لاسایی کردنەوەی ڕووداوەکان لە ژیانی ڕاستەقینە بە جۆرێك کە نمایش کردن و قوڵبوونەوەیان ئاسان بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە نهێنیەکانیان و ئاشنا بوونیان بە ئەنجامەکان لە نزیکەوە . ( الموسى ، 2001 : 582) .

پێناسەی ڕێکاری : تەکنیکێکە بەکاردێت وەکو پاڵپشتیەك بۆ ستراتیژی وودز بۆ وتنەوەی بابەتی ( Optics) لە قۆناغی دووەمی بەشی فیزیا کە تێیدا ئەوەی نەبینراوە دەبینرێت لە ڕوودانی دیاردەکان و خوێندکار ئازادە تاقیکردنەوەی هەر بیرۆکەیەك و گریمانەیەك لە چوارچێوەی ئامانجەکان کە لای دروست دەبێت بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ و خوێندکار توانای چەند جارە دووبارەکردنەوەی گریمانەکانی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراوی بابەتەکە .

4- دەستکەوت

(القميش ،2001 ) بەم جۆرە پێناسەی کردووە (( بریتیە لەو زانینە یان لێهاتوویەی کە لە لایەن خوێندکارانەوە وەرگیراوە لە ئەنجامی خوێندنی بابەتێك یان یەکەیەکی خوێندنی دیاریکراو)) ( القميش ، 2001 : 72) .

پێناسەی ڕێکاری : توێژەر بەم جۆرە پێناسەی دەکات بریتیە لەو نمرەیەی کە هەر خوێندکارێکی نمونەی توێژینەوەکە بە دەستی دەهێنێت لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە کە ئامادەکراوە لە لایەن توێژەرەوە لە بابەتی ( Optics) بە بەکارهێنانی ستراتیژی وودز بە تەکنیکی (PhET) بۆ گروپی ئەزموونی و بە ڕێگای سادە بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو لەو تاقیکردنەوەی کە توێژەر ئامادەی کردووە بۆ بابەتەکانی توێژینەوەکە بۆ قۆناغی دووەمی بەشی فیزی.

## بەشی سێیەم

### ڕێکارەکانی توێژینەوە :

ئەم بەشە ئەو ڕێکارانە دەگرێتەوە کە توێژەر ئەنجامی داوە لە هەڵبژاردنی دیزاینی توێژینەوەکە و کۆمەڵگە و نمونە و هاوتاکردن و ئامادەکردنی ئامرازەکان دۆزینەوەی نەگۆڕی و جێگیریان و جێ بە جێ کردنی ئەزموونەکە بە بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان بەم شێوەی خوارەوە .

یـەکـەم : دیزاینی ئـەزموونگـەری : هـەڵبـژاردنی دیزاینی ئەزموونگەری گونجاو بۆ توێژینەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە چـونکە چـوارچـێوەی دروسـت بۆ توێژینەوەکە دابین دەکات و دەیگەیەنێتە ئەنجامەکان وە دەتوانرێت لە وڵامی پرسـیاریەکانی کێشەی توێژینەوەکە پشتی پی ببە سترێت و گریمانەکانی پشت ڕاست بکاتەوە . ( الزوبعی ، 1981: 102) .

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا دیزاینی نیمچە ئەزموونی بە دوو گروپی هاوتایی سـەربەخۆ بە تاقیکردنەوەی پاشـەکی بەکارهێنا ، بەو شێوەیی کە لە خشتەی ژمارە (2) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (2):(دیزاینی ئەزموونگەری توێژینەوەکە )**

| گروپ | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ |
|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ستراتیژی وودز بە تەکنیکی فیت | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | |

دووەم : کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە .

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە بە کارێکی گرنگ دادەنرێت و دەبێت هەموو ئەو مەرجانەی تێیدا بێت کە پێویسـتە بۆ توێژینەوەکە (ملحم ، 2005 ، 148-149 ) .

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە لە خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشـی فیزیا لە کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی سـلێمانی پێکهاتووە لـەبـەر ئـەوەی تـەنها لـەم قۆنـاغـە دا بـابـەتی ( Optics) دەخوێنرێت کە ژمارەیان (36 ) خوێندکارە لە هەردوو ڕەگەز .

بە هۆی کەمی ژمارە یان ، توێژەر هەموویانی بۆ دیاریکردنی نمونـەی توێـژینـەوەکـە وەرگرت بـە شـێوەیەکی هـەرەمـەکی دابەشـکران بۆ دوو گروپ و هەر گروپێك لە (18 ) خوێندکار پێکهاتبوون کە هەردوو ڕەگەز لە خۆ دەگرێت .

سێیەم / هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە :

هاوتایی مەرجی سەرەکی یە لە هەر توێژینەوەیەکی ئەزموونی کە زیاتر لە گروپێك لە خۆ دەگرێت ، بەمەش دڵنیابوون لە هاوتای هـەردوو گروپـەکـە ، توێژەر ئـەم گۆڕاوانـەی هـەڵبـژارد کـە ڕاو بۆچـوونی بەشـداری گۆڕاوی سـەربەخۆ دەکەن و کاریگەریان دەبێت لەسـەر گۆڕاوی پاشـکۆ کە دەسـتکەوتی خوێندکارانە ، گۆڕاوەکان ئەمانەن ( تەمەن بە مانگ ، ئاستی زیرەکی ، ئاستی ئەکادیمی دایك و باوکانی خوێندکار ) .

1- هاوتاکردنی تەمەن بە مانگ

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی هەر گروپێك بە جیا ئەژمارکرد بە مانگ تاوەکو بەرواری (2021/11/1 ) کە بەرواری دەسـت پێکردنی ئەزموونەکەیە . پاش ئەژمارکردنی (پلەی ناوەندی و کۆی گشتی پلەکان ) و بەکارهێنانی هاوکێشەی ( مان و تنی ) ، دەرکەوت کە لە ئاستی (0.339 ) دایە و گەورەترە لە ئاستی (0.05) بۆیە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گروپی ئـەزموونی و کۆنترۆڵکراو لـەم گۆڕاوە ،واتـە هـاوتـان لـە گۆڕاوی تەمەن . ئەنجامەکان بەم شێوەیە کە لە خشتەی ژمارە ( 3 ) خراوەتە ڕوو .

**خشـــتەی ژمارە (3 ): (هاوتای هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە گۆڕاوی تەمەن )**

| گروپ | پلەی ناوەندی | کۆی گشتی پلەی ناوەندی | ژمارەی خوێندکاران | مان و تنی لە ئاست بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 20.19 | 363.50 | 18 | 0.339 | بەڵگەداری نیە |
| کۆنترۆڵکراو | 16.81 | 302.50 | 18 | | |

1- ئاستی زیرەکی خوێندکاران .

توێـژەر بۆ دیـاریکردنی ئـاسـتی زیرەکی تـاقیکردنـەوەیـەکی بەکارهێناوە کە توێژەر (بابان ، 2012 ) هەسـتاوە بە وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی و ڕاسـت و نەگۆڕی دۆزیوەتەوە و تاقیکراوەتەوە لەسـەر کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردسـتانی عێراق . تاقیکردنەوەکە پێکهاتووە لە (50 ) برگەی جۆراوجۆر و کلیلی وەڵامە ڕاستەکانیش دیاریکراوە ، توێژەر پاش کۆپی کردنی بە ژمارەی خوێندکارانی هەردوو گروپ لە بەرواری (2020/10/25 ) کە پێش دەسـتپێکردنی ئەزموونەکە بەسەر هەردوو گروپەکە ئەنجامی دا و لە هەمان کاتدا ، پاشان هەڵەچنی کرا بە شێوەیەك بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (1) نمرەیی بدرێت و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە (0) بدرێت .

دەرکەوت کە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی لە نێوان (6-26) نمرە بوو ، نمرەکـانی گروپی کۆنترۆڵکراو لـە نێوان (5-25 ) نمرە بوو .

پاش ئەژمارکردنی (پلەی ناوەندی و کۆی گشـتی ناوەندی ) بە بەکارهێنانی هاوکێشـەی (مان-وتنی )، دەرکەوت کە لە ئاسـتی (1.0) دایە ، گەورەترە لە ئاسـتی (0.05) ، بۆیە جیاوازی

بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەم گۆڕاوە ، واتە هاوتان لە گۆڕاوی ئاستی زیرەکی ئەنجامەکان بەو شێوەیە کە لە خشتەی (4) خراوەتە ڕوو .

**خشـــتەی ژمارە (4): ( هاوتایی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە گۆڕاوی تەمەن )**

| گروپ | پلەی ناوەندی | کۆی گشتی پلەی ناوەندی | ژمارەی خوێندکاران | مان و تنی لە ئاست بەڵگەداری | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | 18.50 | 333.0 | 18 | 1.0 | بەڵگەداری نیە |
| کۆنترۆڵکراو | 18.50 | 333.0 | 18 | | |

ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان :

توێژەر ئاســـتی ئە کادیمی دایکان و باوکان هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراوی دیاری کرد ، پشــت بەســـتن بەو زانیارییانەی لە خوێندکاران وەرگیراوە بە پێی فۆرمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە . پاشان پۆلێن کراو بۆ دوو ئاست کە بەم شێوەیە :

- سەرەتایی و خوارەوە
- ناوەندی و سەرەوە

ژمارەی هەر ئاســـتێك بەو شـــێوەیەی کە لە خشـــتەی (4) دا خراوەتە ڕوو بە بەکارهێنانی هاوکێشـــەی (کای ســـکوێر ) ($X^2$) دەرکەوت وەکو لە هەمان خشـــتەی ســـەرەوە خشـــتەی (5) بەم شێوەیە :

- ئاســـتی ئەکادیمی باوکان بەهای ئەژمارکراو (0.12)یە کەمترە لە بەهای خشـتەیی کە (3.84)ە لە نمرەی ئازادی (1) و لە ئاســـتی بـەڵگـەداری (0.05) بۆیە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ کراو .
- لە ئاســـتی ئەکادیمی دایکان بەهای ئەژمارکراو (0.5) و کەمترە لە بەهای خشـتەی کە (3.84) ە لە نمرەی ئازادی (1) ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) بۆیە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵ کراو .

**خشتەی (5): (خشتەی بەدەستهێنانی بەهای ($X^2$) ئەژمارکراو و خشتەی بۆ دایکان و باوکانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو )**

| ئاستی ئەکادیمی | تویژ / گروپ | سەرەتا و خوارەوە | ناوەندی و سەرەوە | کۆی گشتی | ئاستی بەهای $x^2$ ئەژمارکراو | خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باوکان | ئەزموونی | 12 | 6 | 18 | 0.12 | 3.84 | بەڵگەداری نییە لە ئاستی 0.05 |
| | کۆنترۆڵکراو | 11 | 7 | 18 | | | |
| | کۆ | 23 | 13 | 36 | | | |
| دایك | ئەزموونی | 13 | 5 | 18 | 0.50 | 3.84 | بەڵگەداری نییە لە ئاستی 0.05 |
| | کۆنترۆڵکراو | 11 | 7 | 18 | | | |
| | کۆ | 24 | 12 | 36 | | | |

## چوارەم : ئامرازی توێژینەوە

بۆ گەیشــتن بە ئامانجی توێژینەوەکە و تاقیکردنەوەی گریمانەکە ، تاقیکردنەوەیەك ئامادەکرا بۆ دەســتنیشــانکردنی دەســتکەوتی خوێندکارانی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بە پێی ئەم هەنگاوانە .

أ–دیاریکردنی بابەتی ئەزموونەکە : توێژەر ئەو بەشەی بابەتانەی کە لە وانە کانی فیزیایی بینای ( Optics) د یاری کرد کە تایبەت بێت بۆ توێژینەوەکەی لە ژێر ئەم ناونیشــانانە ( ڕووناکی دانـەوە ، ئـاوێنـە ، ڕووناکی شـــکـانـەوە ، هـاوێنـە ، ڕەنگ ، دیاردەکانی ڕووناکی ، بەیەکداچوونی شەپۆل ، لادانی شەپۆل )، وە لە ماوەی سمستەری یەکەم لە ساڵی خوێندندا دەخوێنرێت لە لایەن خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی فیزیا ئەم ناونیشانانەی لە بـەشـــی (5) مـی کتێبی ( physics for science and engineers) کـە لــە لایــەن ( serway raymand A. , Vuille Chris and Faughen Jerry) و بـەشـــی یـەکـەم و دووەمـی لـە کـتـێـبـی ( Foundamentals of Optics) کـە دانـەری ( Jenkins A. and White E.Harvey) و مامۆستای بابەتەکە کۆی کردۆتەوە بە (40 ) لاپەرە لە مەلزەمەیەکدا و لە سەرەتای ساڵی خوێندن دەدرێت بە خوێندکاران وەکو بناغەیەك بۆ بابەتەکە .

ب–ئامادەکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان :

ئامانجە ڕەفتارییەکان دەربرینێکی تایبەتن کە دەتوانرێت تێبینی بکرێت و بپێورێت ، وە وەســـفی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە چاوەڕوان دەکرێت ڕوبدەن لە فێرخوازێکدا لە پاش تێپەڕ بوونی

بە ئەزموونێکی زانستی دا .(عقیلان ، 2000، 49) وە ئامانجی ڕەفتاری باش ئەوەیە کە بە زمانێکی دیاریکراو وورد نوســرا بێت وە بە دەربرینێکی ڕوون کە ئەگەری ڕاڤەکردنی بۆ شــێوازێکی جیاجیا کەم دەکاتەوە ،وە دەبێت دارشتەکان ڕوون و گونجاو بن بۆ پێوانە کردن .(السید ، 2007 : 80 )

بۆیە پێویســـتە ئامانجەکان و بە شــێوەیەکی تایبەت ئامانجە ڕەفتارییەکانی وتنەوەی بە بابەتی هەر وانەیەك گونجاو بن بە پێی تایبەتمەندی بەشـــەکانی بابەتی وانە وتنەوەکە وە گرنگی ئامانجەکان لە ئەوەیە کە ڕێنمای توێژەر دەکات لەسەر چۆنیەتی جێ بە جێ کردنی ئەزموونەکە و دروســت کردنی تاقیکردنەوە و دانانی پرســـیاری گونجاو کە پەیوەندی بە ئامانجی بابەتەکەوە هەبێت و پلانی وانەوتنەوە دابنێ و ئامادەکردنی پرسیاری شیاو بۆ تاقیکردنەوەی مانگ و وەرز و کۆتای ساڵ .

توێژەر ئامانجە ڕەڤتارییەکانی بابەتی (Optics) ی پشــت بەســـتن بە ئامانجە فێرکارییەکانی بابەتە و ناوەڕۆکی بابەتی هەر وانەیەك قۆناغی دووەمی دیاری کردلە وتنەوەی هەر وانەیەك بە پێی پۆلێنکردنی ئاســتەکانی بلوم کە (یادکردنەوە ، تێگەشــتن ، جێبەجێ کردن ، شــیکردنەوە ، پێکهێنان ، هەڵســەنگاندن ) ە . کە شــیاو بوون بۆ ئەم قۆناغە ، کۆی گشــتی ئامانجە ڕەفتارییەکانی بۆ هەر وانەیەك کە توێژەر جێ بە جێ کرد لە کاتی توێژینەوەکە گەیشتە (70) ئامانج لە هەر شەش ئاستەکە ، پاشان توێژەر خستیە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزایی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پســپۆری بابەتی فیزیا ، بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی بۆ بابەتەکە و ئاستی دیاری کراو لە ئاستەکانی بلووم و دروستی دارشتنیان توێژەر بە ڕێژەی 80٪ و زیاتر وەك پێوەرێك بۆ پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان ، بە پێی ڕاو بۆ چونیان هەندێ گۆڕانکاری ئەنجامدرا بە سەر هەندێ لە ئاســت و برگەکان بێ ئەوەی هیچ برگەیەك لابرێت ، وە کاتێك ڕێژەی هاوتاکردن لە نێوان هەڵســـەنگێنەران بکەوێتە نێوان (0.80 – 0.99 ) ئەوا ئاژەیە بە ڕاســـتگۆیەکی بەرز ( نهر ، 2008 :70 ).

ج–خشتەی تایبەتمەندی :

لە زۆربەی توێژینەوەکاندا پەنا دەبرێت بۆ هەڵبژاردنی ســـامپڵێك (نمونــەیــەك ) لــە ئــامــانــجــە ڕەفــتــارییــەکــان بۆ ئــامــادەکردنی تاقیکردنەوەیەك کە شــیاو بێت لە ڕووی کات و ڕەچــاوی توانا و ئاستی خوێندکاران بکات و لە هەمان کاتدا گشتگیری تێدابێت بۆ لایەنەکانی بابەتەکە .

بۆ هــەڵــبــژاردنی نمونــەیــەك لــەو (70) ئــامــانــجــە ڕەفــتــارییــە و ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك کە (20 ) برگە لە خۆ بگرێت و لە جۆری بابەتی بێت ( هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك ) کە زۆر باوە لە توێژینەوەکانی دەســتکەوتی خوێندکاران ، توێژەر پشــت بەســت بە ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی ، کە خشتەی تایبەتمەندی تــاقیکردنــەوەیــەك یــەکێکــە لــە هــەنگــاوەکــانی دروســـتکردنی تاقیکردنەوەی دەســـتکەوت لە ژێر ڕۆشـــنایی ئەو ئامانجە پەروەردەیە تایبەتانەی کە مەبەســت لێی فێربوونی بابەتێك یان برگەیەك دیاری کراوی خوێندنە لە داڕشــتن ئەم خشـــتەیە دا بە گرنگی ڕێژەی هــەر توخمێکی بــابــەتــەکــە و نــاوەڕۆکی بــابــەتی فێربوونەکە لەبەرچــاو دەگرێت ، وە هەموو بەشــەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکە ئامانجە ڕەفتارییەکان لە خۆ دەگرێت ( القدومی ، 2008 :2017 ) .

هەنگاوەکانی ئامادەکردنی خشتەکە بەم شێوەیە بوو :

1- دیاریکردنی ڕێژەی ســـەدی هەریەك لە کاتی وتنەوەی هەر بابەتێك بەراورد بە گشـــت و بەهەمان شـــێوە ئامانجە ڕەفتارییەکان هەر ئاســتێك بە گشــتی پشــت بەســتن بەم هاوکێشەیە:

$$\text{کێشی سەدی ناوەڕۆك} = \frac{\text{ژمارەی کاتژمێری هەر بابەتێك}}{\text{ژمارەی گشتی کاتژمێرەکانی وتنەوەی بابەتێك}} \times ١٠٠$$

$$\text{کێشی سەدی هەر ئاستێکی ئامانجە ڕەفتارییەکان} = \frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لە هەر ئاستێك}}{\text{کۆی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان}} \times ١٠٠$$

1- پڕکردنەوەی هەر خانەیەك بۆ دروستکردنی تاقیکردنەوەیەك درێژی (20) برگە بێت بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە :

ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکانی هەر خانەیەك = ٪ناوەڕۆك * ٪ئاستی ئامانج *20 (العزاوی ، 2007 :66–67 )

2- پاش پڕکردنەوەی هەر خانەیەك ، خشتەکە بەو شێوەیە کە لە خوارەوە هاتووە :

| ئامانج | | ئامانجە ڕەفتارییەکان |
|---|---|---|

**خشتەی ژمارە (6): خشتەی تایبەتمەندی**

| ئامانج / ناوەڕۆک | ژمارەی کاتژمێری | ڕێژەی سەدی | ئاستی یادکردنەوە ٪20 | ئاستی تێگەشتن ٪22.8 | ئاستی جێبەجێ کردن ٪17.14 | ئاستی شیکردنەوە ٪20 | ئاستی پێکهێنان ٪8.57 | ئاستی هەڵسەنگاندن 11.42 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | | | | | | |
| ١-ڕووناکی دانەوە | 3 | 15 | ١ | ١ | 1 | - | 0.2 5 | 0.34 - | 3 |
| ٢-ئاوێنە گۆییەکان | 3 | 15 | ١ | ١ | 1 | - | - | - | 3 |
| ٣-ئاوێنە قۆقزییەکان+ شکانەوە | 3 | 20 | ١ | ١ | ١ | ١ | 0.0 28 | 0.45 - | 4 |
| ٥-هاوێنە تەنکەکان | 3 | 15 | ١ | ١ | ١ | - | - | - | 3 |
| ٦-دیاردەکانی ڕووناکی + ڕەنگ | 4 | 20 | ١ | ١ | ١ | 1 | - | - | 4 |
| ٧-بەیەکداچوونی و لادانی شە پۆل | 3 | 15 | ١ | ١ | ١ | - | - | - | 3 |
| کۆی گشتی | 20 | ٪100 | 6 | 6 | 6 | 2 | - | - | 20 |

د– داڕشتنی برگەکانی دەستکەوت :

لە زۆربەی توێژینەوەکاندا پەنا دەبرێت بۆ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی بابەتی لە جۆری (هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك ) لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە تاقیکردنەوە ڕاست کردنەوە و هەڵەچنیان ئاسانە و بابەتین و بەرێژەی و پەنابردنە بەر خەملاندنیان تێدا کەمە ، پشت بەستن بە ئەنجامی خشتەی تایبەتمەندی توێژەر (20) برگەی داڕشتن لەم جۆرە بە شێوەیەکی سەرەتایی و بۆ هەر برگەیەك چوار هەڵبژاردەی دیاری کرد کە تەنها یەکێکیان ڕاستە و ئەوانی تر هەڵەن.

هـ – ڕاستگۆی تاقیکردنەوەکە :

ڕاستگۆی بە یەکێك لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی تاقیکردنەوە دادەنرێت وە تاقیکردنەوەیەك ڕاستگۆ دەبێت کاتێك کە ئەو تایبەتمەندیە بپێوێت کە دروستکراوە بۆ پێوانەکردنی وە نەکەوێتە ژێرکاریگەری گۆڕاوی ترەوە واتە ئەو تاقیکردنەوەیە ئەو ئامانجە بە دی دەهێنێت کە لە پێناوی دا دروستکراوە ( القمیش و أخرون ، 2008 :109) .

توێژەر دوو جۆری ڕاستگۆی بۆ تاقیکردنەوەکە دەرهێنا کە ڕاستی ناوەڕۆکەکە کە لە ڕێگای ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی بوو کە لە ڕابردوو باسکرا بە مەبەستی دابەشکردنی برگەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتەکە و ڕاستی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەکەی دەرهێنرا لە ڕێگەی خستنە بەر دەستی ناوەڕۆکی بابەت و خشتەی تایبەتمەندی و ئامانجە ڕەفتارییەکان و برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە ژمارەیەك لە شارەزایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پسپۆری فیزیا ، بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆ چوونیان لە ڕووی گونجاوی و باشی داڕشتن و ڕووی برگەکانی لە ڕووی زمانەوانی و زانستی گشتگیرە و ... دوای وەرگرتنی بیر و بۆچوونەکان هەندێ گۆڕانکاری و چاکسازی لە هەندێ برگەدا ئەنجام درا ، جێی ئاماژەیە توێژەر پشتی بەست بە ڕێژەی (80٪ ) ی هاوڕایی شارەزایان بۆ هەر برگەیەك بۆ پە سەندکردن و شیاوییان .

و– ئەزموونکردنی تاقیکردنەوە بەسەر نمونەیەکی سەرەتایی :

بە مەبەستی دۆزینەوەی هەندێ تایبەتمەندی سایکۆمەندی تاقیکردنەوەکە وەکو ( ئاستی قورسی و هێزی جیاکاری و کارایی جێگیرەوە هەڵەکان ) توێژەر تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا بەسەر نمونەیەکی سەرەتایی کە پێکهاتووە لە (46 ) خوێندکاری کوڕ و کچی قۆناغی سێیەمی بەشی فیزیای کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سلێمانی .

لە بارودۆخێکی هێمندا و لە هەمان کاتدا کاتی وڵامدانەوەی یەکەم خوێندکار و کۆتا خوێندکار ئەژمارکرا کە تێکڕای (45 ) خوولەك بوو ، پاشان هەڵەچنی وەڵامی خوێندکاران و کۆکردنەوەی نمرەکانیان ڕیزبەندی کران لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە و دابەشکران بە دوو ئاستی (23 ) ی سەرەوە و (23 ) خوارەوە.

ز– تایبەتمەندییە سایکۆمەندییەکان

لەو تایبەتمەندییە سایکۆمێتریانە کە دەبێت دەست نیشان بکرێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەك لە توێژینەوە زانستیەکاندا ئەمانەن :

1- ئاستی قورسی برگەکان :

ئاستی گرانی هەر برگەیەك لەسەر ڕێژەی سەدی ئەو فێرخوازانەی وەڵامی ئەو برگەیان بە هەڵە داوەتەوە دەسوەستێت و ئاستی ئاسانی هەر برگەیەکیش لەسەر ڕێژەی سەدی ئەو فێرخوازانە وڵامی ڕاستی ئەو برگەیان داوەتەوە . ( علام ، 2010: 251 ) ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەرچەندە ڕێژەی سەدی وەڵامە ڕاستەکان زۆربن برگەکان ئاسانن ، هەرچەندە ڕێژەی سەدی وڵامە هەڵەکان زۆربن ، برگەکان گرانن . برگەکان بە شیاو

دادەنرێت ئەگەر هاوكۆلكەی ئاسانی و گرانەكانی لە نێوان ( 20 – 80 ٪ ) بێت . (عودە ، 1998 : 297 ).

2- هێزی جیاكاری برگەكان :

